www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 12-9-2006 22:27

# ئیدریس شەیداهۆ: گومانم لە ئازادیی ڕۆژنامە ئەهلییە كان هەیە ... دیدار \ ئاسۆ

شەیداهۆڕۆژنامەنوسێكە هەمیشەرەخنەدەگرێت، چەندگۆشەیەكی ڕۆژنامەنوسی تەنزئامێزی هەیە لەدیدارێكی خێرادا بۆڕۆژنامەی زادگە ئەمچەندپرسیارەم ئاراستەكرد ئەویش وتی: پێش هەموشتێك

توخوا ئێوە سەر بەخۆن ڕۆژنامەیەكی ئازادن.. ؟

بەڵی گومان لەمە مەكە

ئاخر وەك ڕۆژنامەی فلاّن وفیسار ئازادی مەفرۆشن و لەژێرەوەش سەربەكابرایەك بن.. ؟

دیسان لەوەش دڵنیابە.. تۆش تاسەرئیسقان ئازادی بۆقسەكردن

زۆرخۆشحاڵم، فەرمون پرسیارتان چیە.. ؟

چۆن ڕۆژنامەدەخوێنیتەوە.. ؟



ڕۆژنامە حیزبیەكان تەنها دوا لاپەڕەیان دەخوێنمەوە چونكەزۆربەی لاپەڕەكانیان زادەی بۆچونی حیزبیانەی خۆیانە بۆڕوداوەكان، من ئیشم بەبۆچونی حیزبیانەی ئەوان نیە، هەواڵەكورت و خێرا كانم پی خۆشە،
لاپەڕە ی خەبەرەسیاسیەكان هێندە سواوو دوبارەن بەكەڵكی خوێنەوە نایەن.

چۆن تائیستا هەوڵت نەداوە ڕۆژنامەیەكی ئەهلی دەر بكەی.. ؟

زۆردەترسم ئەمە كارێكی قورسە، ڕۆژنامە سەروەریەكی گەورەی خۆی هەیە، ناتوانم خۆمی لێدەم لەوەش دەترسم یەكێك بەزۆربم كرێت.. من گومان نم لەزۆربەی ڕۆژنامە كان هەیە كەئازادبن؟: كاكە ئەم حیزبانە زۆرخەتەرن دارو بەرد دەكرِ ن

. وەك ڕۆژنامە نوسێك چۆن دەڕوانیتە ئەو فیستیڤاڵ و چالاكییە ئەدەبی وڕۆشنبیرییانەی سالانە لێرەو لەوی ساز دەكرێن.. ؟

لەزۆربەیان بێتاقە تم، هەمویان دوبارەن هەمویان بەحیزبی كراون، تۆسەیری فێستیڤاڵی گەلاوێژبكە هەمووسالی چەند ناوێكی دوبارەن، هەردەبێت یەكی لەهەولێر و یەكی لەسلێمانی یەكێك لەدهۆك دەر بچێت، ئایائەوە پێوانەی دەقی ئەدەبییە؟یان شار گەرێتی؟ئەمساڵ عەرەب و فارسیشی تێدا بو و. ئەم جۆرە كارانە زیاتر حیزبین، ئەدەبیش كەقۆڵی بەست كرا، هەروادەردەچێت..

ڕۆژنامەگەری بەگشتی لەچ ئاستێكدا دەبینی.. ؟

لەم هەرێمە دوو پارچەیەی ئێمەدا، ئەگەرپەرداخێك بشكێ خە تای حیزبە كانە، دووسەیارە خۆلێك بدەن خە تای حیزبە كانە، سەیری ئەو بێ مە عناییە بكە حیزب دەبێت ڕۆژنامە یەكی تایبەتی هەبێت، ڕۆژنامەیەكی ئافرەتانی هەبێت، هی خوێند كارانی هەبێت هەر نازانم چی وچی هەبێت كەهیچیان گوزارشت لەچینەكەی خۆیان ناكەن بەكورتی حیزبەكان ڕۆژنامەیان سووك كردووە، ئەو هەمورۆژنامەیە مان هەیە، كەچی هەربێ

ڕۆژنامەین، چونكە زۆربەیان هی حیزبین هی خەڵك نین. هێندە بەتەنگ حیزبەكانەوەن هێندە بۆخەڵك نانووسن، بۆیە كەس نایان خوێنێتەوە، ڕۆژنامە موڵكی خەڵكە، بەداخەوە حیزبەكان ئەمەشیان وەك سەدان شتی پیرۆزی تر لەخەڵك سەندوە.

لەدیدارێكی واخێرادا ئێمە هیچمان نییە پێت بڵێین، ئیوە شتێكتان ماوە بیڵێن.. ؟

پربەدڵ حەزدەكەم ڕۆژنامەكە تان ئازاد و ئازابێ، پۆخلەواتی هەمووكەسێك باس بكەن، بەڵام وەك ئەم ڕۆژنامەنە نا، كە بەكۆنترۆڵی حیزبی، هەندیبەڵگە بڵاو دەكەنەوە، ڕۆژنامە چەندە ئازاو ڕاست گۆبێت هێندە دەچێتە ناخی خەڵكەوە، توخوا سەر لەخەڵك مەشێوێنن خەڵكی ئێمە گوناحن ترسێنرا ون بەكوردی و بەكورتی هەرچی ڕاستی هەیە بیخەنە نێو لا پەڕەكانەوە، ئەمە سەروەری ڕۆژنامەوانەو هەر بەمە ش گرەوی خۆتان دەبەنەوە، با دووحیزب بتۆری، بەڵام خەڵك لەپشتان بێت زۆرپیرۆزترە
سوپاس

تێبینی

ئەم چاوپێكەوتنە لەژمارە (9) ڕۆژنامەی (زادگە) دا بلاو كراوەتەوە لەڕیكەوتی 2003\12\31